www.kurdistannet.org
24-5-2007 12:49بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئاگاداریەک بۆ هەموو کوردێکی دلسۆز ... ... سۆز

وەك هەموومان ئاگادارین کە حاڵی ئێستای کوردستان لە حاڵەتێکی زۆر ناسك و هەستار دایە، نەیارانی میللەت وا بەرە بەرە هەوڵی خوێن ڕشتن دەدەن لە جەستەی نیشتیمانی پڕ لە برین و ئازاری داگیرکەری نەیاران. گرووپە تیرۆریستیە نامرۆڤ و خوێنخۆرە بێ ئامانجەکانی ئەنسار و اسلام و ئەنسار سونە لە سنورەکانی کوردستان بە دەرکەوتوون و لە تەواوی سەرسنورەکان مەشق و ڕاهێنانیان هەیە وەك لە چەند ڕۆژنامە و هەفتەنامەیەکی کوردستانیش بەرچاو کەوتووە، تەواوی ئامانجیان هێرشکردنە سەر کوردستانە و تێکدانی باری ئاسایشی نیشتیمانەکەمانە لە سەر و بەندی جێبەجێکردنی مادەی سەد و چل و ئەم پرۆسە هەستیارەی کە نیشتیمانی ئێمە پێیدا تێپەڕ دەبێ، جا بۆ یە ئەرکی هەر نیشتیمانپەروەرێکە کە لە هەر شوێنێکی لە هەر ناوچەیەکی ئەم کوردستانە بن هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ئەم بێ ڕەحم و خوێنخۆرانە بدەن، هەر چاوێکتان بکەن بە سەد چاو بۆ ڕێگەگرتن لە کاری تیرۆریستی تا چیتر جەستەی مرۆڤی بێ گوناە و دڵپاکی ئەم نیشتیمانە بریندارە خەڵتانی خوێن نەکەن. دووبارە ئەوپەڕی هەستی نیشتیمانپەروەریتانە کە یارمەتی هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس بدەن بۆ دەستگیرکردنی ئەم خوا نەناسانە، بە تایبەت لە ناوچە سەرسنوریەکان وەك ئامازَە کراوە بۆ ناوچەی قەندیل و شارەزوور و چەند شوێنێکی تری سەرسنور ... ... ... ئێوە سەلامەت و نیشتیمان ئاوەدان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.